# ماڵئاوا مامۆستا ولیەم یۆحەننا ... ڕزگار ڕەنجەرۆ



دوێنێ کەڵە هونەرمەندێکی تری کوردستان بۆ دواجار چاوەکانی لێکناو بەرەو کاروانی نەمران رۆیشت، ئەو هونەرمەندەی سەرتاپای ژیانی تەخان کرد بۆ بەرەو پێشەوە بردنی مۆسیقاو گۆرانی کوردی. . خۆم نازانم چی بۆ بنووسم و چۆن ماڵئاوای لێ بکەم. . لەو شەوانەی هەندەران دەستپێدەکەم کە هاورێ دێرینەکەی ئەوەندەی ناوی ئەو مامۆستا پایەبەرزەی بە گوێم دادەچرپاند وام لێهاتبوو خەونی شەوانەشم تەنها ئاواتێك بوو ئەویش بە دیداری ئەو پایە بەرزە شادبم. . شەوانە ئەستێرە دەیجریواند و مامۆستا قادر دیلانی نەمریش ئەستێرەکانی دەبەزاند بە گێرانەوەی بیرەوەریەکانی ئەو پایەبەرزانەی تیپی مۆسیقای مەولەوی شاسواریان مامۆستا ولیەمی ماندوونەناس بوو، هەردەمە دەیووت مادام ئێمە خاوەنی هونەرمەندی دڵسۆزی وەکو ولیەم و بەهجەت، حاتەم، ئومێد، هادی، نەجات. . . هتد بین دڵنیام لە پێشکەوتنی مۆسیقاو گۆرانی کوردی ئەوانەن هەوێنی دروستبونەوەی دەیان تیپی مۆسیقا وەك تیپی مۆسیقای مەولەوی. . ڕۆژگار هات و ڕۆژگار ڕویشت دیلانەکەی هەندەران کۆچی کردو بێ ناز لە گۆرستانێکی ساردو بێ هەست و سۆزی پراگ نێژرا و بە هاورێ دێرینەکانی شادنەبۆوە بیرەوەریەکانی بۆ من جێهێشت و من بەو هاورێ دێرینەی شادبم.




هاوینی ساڵی ٢٠٠٠ لەگەڵ ئامۆزایەکم لە کوچەو کۆڵانەکانی شاری سولەیمانی بە دوای ماڵی مامۆستا ولیام دا دەگەڕاین قرچەی گەرما ئەژنۆی نەبوو بەرامبەر ئەو بیرەوەریانەی لە بیروئەندێشەمدا چێندرابوون، کە دۆزیمانەوە پەلەی ئەوەم بوو زوو پەیامە پیرۆزەکەی دیلانی پێبگەینم. . ئەو هونەرمەندە گەورەیە هەر کە زانی من یەکێکم لە قوتابیەکانی مامۆستا دیلانی نەمر پووشپەری ساڵی لێبوو بە گوڵە نیسان و نێرگزی سەرەتای بەهار کەوتینە گفتوگۆ

چەند کاتژمێرێکم تۆمارکرد کە ئەمرۆ گەنجینەیەکی پارێزراوی نەوەی دوارۆژمانە. جگە لەو زانیاریانەی مامۆستا دیلانی نەمر، ئەمجارەیان مامۆستا ولیەم چەند کاتژمێرێك بۆم دووا، بە پێوستم زانی لەو ماڵئاوایەدا ئەم چەند دێرە لە ژیننامەی مامۆستا ولیەمی نەمر

بکەمە چەپکە گوڵێکی هەموو هونەرمەندان لە هەندەران لە ڕێی کوردستانێتەوە بنێرمە سەرگۆڕەپیرۆزەکەی ئەو پایەبەرزەی کوردستان..............

مامۆستا وولیەم یوحەننا ساڵی ١٩٣٤ لە شاری هەڵمەت و قوربانی لە گەڕەکی گاوران لە خێزانێکی هونەرمەند چاوی هڵهێناوە باوکی مامۆستا وولیەم شمشاڵژەنێکی بە توانای شاری سولەیمانی بووە هەر ئەو باوکە نەمرە بووە بە هەوێنی پەرەپێدانی بەهرەی هونەری ڕۆڵە دڵسۆزەکەی. هونەرمەند وولیەم خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لە سولەیمانی تەواو دەکات. جگە لە پاڵپشتی باوکە هونەرمەندەکەی هەندێ لە مامۆستاکانی قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی کە زۆر جاران مامۆستا وولیەمی نەمر باسی دەکردن کە زۆر هاندەر و پاڵپشتییان کردووە لە گەشەدانی ئەو بەهرەیەی ئەوانەش مامۆستا عەبدولواحید نوری و مامۆستا ڕەفیق چالاك و شاعیرانی ناوداری کورد نەجمەدین مەلا و پیرەمێرد
بوون، جگە لەمەش هەر لە هەنگاوەکانی سەرەتایی و ناوەندی دا لە پشودانەکانی هاوین دا خولی فێربوونی مۆسیقای لە خاڵۆکانی وەردەگرت کە هونەرمەندی مۆسیقاژەن بوون لە شاری موسڵ.




بۆ زیاتر فێربوونی زانستی مۆسیقا ساڵ ١٩٥١-١٩٥٢ ڕوودەکاتە بەغداد لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان[ دەمی فەرمی] بەیانیانی دەستپێکرد بۆ ماوەی سالێك بە چڕی زانستی مۆسیقای خوێند و بە پلەی یەکەم پەیمانگەی تەواو کرد ساڵی ١٩٥٣ لەگەڵ هونەرمەندی گەورەی کورد مامۆستا (قادر دیلان) ی هاوڕێی دێرینی یەکەمین تیپی مۆسیقا لە کوردستان دادەمەزرێنن بە ناوی [ تیپی مۆسیقای مەولەوی ] کە ئەو تیپە بوە بەردی بناغەی دروستبوونی چەندین تیپی مۆسیقای کوردی لە شارەکانی تری کوردستان و زیندوبوونەوەی مۆرکی ڕەسەنایەتی مۆسیقا و گۆرانی کوردی. مامۆستای نەمر بێجگە لە داهێنانی دەیان ئاوازو دەیان پارچەمۆسیقا دەیان خولی فێربوونی مۆسیقای کردۆتەوە خێرخوازانە هەر بۆ پێشکەوتنی پلەیەك لە مۆسیقای گەلەکەمان. ئەو پایەبەرزە ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو لە دامەزراندنی چالاکی قوتابخانەکان لە سولەیمانی هەمدیسان کۆڵی نەداو بە هەوڵ و تەقەلایەکی زۆری ئەو لە ٢٣/٥/١٩٧٣ تیپی مۆسیقای سولەیمانی دامەزرا. ئەو هونەرمەندە نەمرە ئەستێرەیەکی گەشاوەی مێژووی مۆسیقای کوردستانە هەزار سڵاو لە گیانی پاك و بێگەردت.

rizgar_rencero@hotmail. com